# ئازادیی بۆ فەرهاد هێرانیی و ڕۆژنامەی "ئەمرۆ"

"ئازادیی لەوەدایە، کە مرۆڤ هەموو شتێک بتوانێت بکات، کە زیانی بۆ خەڵکانی تر نەبێت" شۆپنهاوەر

پۆلا سەعید

هەواڵی دەستگیرکردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئەمرۆ" لە شەوی 3 لەسەر 4 ی 2004 دا، لەلایەن دەزگای ئاسایشی سلێمانییەوە، کارێکی دزێوە و دەکرێت دەستبەجێ لێکۆڵینەوەی یاسایی لەسەر بکرێت. دیارە ئەوە کاری دادوەرە بڕیار لەسەر دەستبەندکردنی کەسێک بدات. ئەگەر ڕۆژنامەی "ئەمرۆ" بیووبێتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی نارەزایی شەیما و بنەماڵەی شەیما، ئەوا دەشا بەتەنها لەڕێگای ڕەوتێکی شارستانییەوە ڕەفتار لەگەڵ باروودۆخەکەدا بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دادگا سەرووەرە. دەشا سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئەمرۆ" بانگبکرایەتە بەردەمی دادگا و لە ڕێگای یاساوە دیسکوسیۆن لەسەر کێشەکە بکرایە. بێگوومان سەرنووسەریش مافی ئەوەی هەیە پارێزەرێکی هەبێت، هەر کات دادگا توانی سەرنووسەر تاوانبارکات ئەوا دەتوانێت سزایەکی بەسەردا بسەپێنێت. بەڵام ئایا هەموو تاوانێک دەکرێت ڕاستەوخۆ سزای زیندانییکردنی بەسەردا بسەپێنرێت؟ یان دەشێت هەموو کەتنێک بخرێتە کێشانی تاوانەوە؟ بێگوومان نەخێر. ئێمەی کورد دڵمان بەوە خۆشە کە بتوانین لە داهاتێکی نزیکدا کۆمەڵگایەکی هاووڵاتیی و پڕ تسیڤیلاتسیۆن پێکبهێنین، نەگ لە ئێستاوە بۆ هەموو جوڵانەوەیەک ئاسایش سەردار بێت. یاسا هەیە و دادگا هەیە دەکرێت لە ڕێگای دادگاوە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە. پێموابێت ئیمرۆ کاریگەرترین دەزگاش بۆ تەشەنەکردنی ئازادیی و پێکهێنانی کۆمەڵگای تسیڤیل ڕەوتی ڕۆژنامەوانییە. جا ئەگەر ئێمە دەست بخەینە بینەقاقای ئازادیی ڕۆژنامەوانییەوە، ئیدی چۆن دەتوانین باوەڕ بەیەکدی بکەین و هیوامان بۆ دوارۆژێکی دیموکراسیی هەبێت؟! بۆیە لە ئیمرۆ زووتر نییە دەبێت ئاسایشی سلێمانیی ئەو کارە بخاتە دەستی دادگاوە و دەستهەڵبگرێت لە کێشەیەک کە دەزگایەکی دیکەی تر خاوەنیەتی ئەویش دادگایە. هەمانکات وەک ڕێزێک بۆ دادگا و هەنگاوێک بۆ دیموکراسیی و ئازادیی بتوانین خۆمان لە ڕەوشتە تۆقێنەرەکان دووربخەینەوە. من لێرەدا وەک تاکێکی کورد نارەزایی خۆم بەرانبەر بەم کارە دەردەبڕم و دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگە کپ نەکراوەکان، لە پێناوی سەقامگیرکردنی بنەماکانی ئازادیی و یەکسانیی و دیموکراسیی لە کوردستان دا.

ئازادیی بۆ ڕووناکبیران و ڕۆژنامەوانیی کورد لە کوردستان دا

04.05.04

ئەڵمانیا